# حوسێن حوزنی موکریانی

**بەدران ئەحمەد حەبیب**

لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیسەتەمدا، یان باشتر بڵیم لە دوای شەڕی گەورەی یەکەمەوە تا دەگات بەناوەڕاستی سەدەی بیستەم، لە کوردستانی باشووردا ناوبەناوێک هەل و دەرفەت بۆ کاری ڕۆشنبیری پەیدا دەبوو، لەو ڕۆژگارەدا دوو کەڵەپیاو "وەک دەڵێن ئەسپی خۆیان لە گۆڕەپانەکەدا تاو دا"، یەکیان حاجی تۆفیقی (پیرەمێرد) و ئەوی تریان سەید حوسێن حوزنی موکریانی (داماو) بوو. ئەم دوو کەڵەمێرە زۆر کاری گرینگی ڕۆشنبیرییان لە ماوەی تەمەنی خۆیاندا ئەنجام دا، دەشێ بۆ هەر یەکێک لەو کارانە کتێبێک تەرخان بکرێت، بەڵام گرینگترین کاریان، ڕۆژنامەوانی بوو.

ئەم دووە، خاوەنی چاپخانەبوون، کۆڵیان لە ئاست دژواری و زەحمەتییەکانی کاری ڕۆژنامەوانی نەدەدا. بە زەبرە کاریگەرەکانی دەسەڵات و ناحەزانیان، نەدەشکان و ساکەگۆڕیان چۆڵ نەدەکرد، هەروەها چاپخانەکانیشیان دەپاراست. ئەگەر لە مێژووی کورددا، دوای میقداد مەدحەت و ئاوڕەحمان بەگ، دووی ناوی ترمان لە بواری کاری ڕۆژنامەوانیدا بوێ، تا نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمیش تەواو دەبێت، جگە لە پیرەمێرد و حوسێن حوزنی کەسی تر نییە وەک ئەوان لوتکەی بەرنەدابێ. ئەم دوو ڕۆژنامەوانە، بەزاراوەی ئەمڕۆ "پرۆفیشینالیست"ی سەردەمی خۆیان بوون و، وەک خاوەن پیشە کاریان دەکرد، دەکەوتن و هەڵدەستانەوە.

سەرنج ڕاکێش لە حوسێن حوزنیدا ئەوەیە تاکە ڕۆشنبیرێکی ئەو سەردەمەیە کە عوسمانی نەبووبێ. ئەوانی تر هەموویان گەڕاوەی ئەستەمبۆڵ بوون. هەر ڕۆشنبیرانی کوردی عوسمانی بوون کە لە دوادواکانی سەدەی نۆزدەیەمەوە کەوتنە جموجۆڵ بۆ دەرکردنی ڕۆژنامە و کۆوار و بڵاوکردنەوەی کتێبی کوردی و، دوای ڕووخانی دەوڵەتی عوسمانیش گەڕانەوە بۆ باشوور یان ڕوویان کردە شام و بەیرووت بۆ درێژەپێدانی ئەم کارە پیرۆزە.

تەنیا حوسێن حوزنییە کە لە ڕۆهەڵاتی کوردستان و شاری مەهابادەوە هاتبوو. ئەم پیاوە بەتەنیایی لە شارەکانی ڕەواندز و هەولێردا بناخەیەکی پتەوی بۆ ڕۆشنبیریی کوردیی هاوسەردەم داڕشت، لە زمانپاراویدا کەسێکی ئەو سەردەمە نییە شان لە شانی بدات. زمانی نووسینی کوردیی ئەو کات – ئەگەر بشێ بڵێین – کوردیی عوسمانی بوو، ئەویش تێکەڵێک بوو لە کوردی و فارسی و عەرەبی. بەڵام دەیان زاراوەی وەک (کۆوار، مێژوو، ....) داهێنانی حوسێن حوزنین کە تا هەتایە دەمێنن. هەروەها ئەم کەڵەمێژوونووسە، یەکەمین کەسە کتێبی لەبارەی خەبات و تێکۆشانی بارزانیی نەمرەوە نووسیبێ و بۆچوونەکانی تا ئەمڕۆش کارا و کاریگەر بن. ئەو کتێبە بێ وێنەیە (هەڵکەوتی دیریکی لە کوردستاندا) کە دوا بەرهەمی ئەوە، دوای دوو مانگ لە پەڕینەوەی بارزانی و هەڤاڵانی لە چۆمی ئاراس (ساڵی ١٩٤٧) نووسیویەتی و، یەکەمین کتێبیشە کە دەزگای ئاراس بڵاوی کردبێتەوە لە ساڵی ١٩٩٩دا.

حوسێن حوزنی سەنعەتکارێک بوو لەناو قەومێکی بەسیتدا، ئەویش وەک پیرەمێردی هاوکووفی، بووبوو بەنیشانە بۆ تیر و تانەی ناحەزانی. هەندێک کەسی بوودەڵە، بەهۆی چاوهەڵنەهاتن و بەخیلییەوە، ناو و ناتۆری (پیاوی ئینگلیز)یان دەدانە پاڵ. دواڕۆژ دەری خست کێ پیاوی بێگانەبوو و، کێش پیاوی میللەتی خۆی. ئەمڕۆ وا پێشبڕکەیە بۆ یادکردنەوەیان.

__________

* تێبینی: ئەم بابەتەم بەبۆنەی کۆڕی ڕێزلێنان و یادکردنەوەی حوسێن حوزنی موکریانی نووسیوە. (کۆڕەکە لە ڕەواندز لە ٢٠٠٥/١١/٩ دەبەسترێ).